## فەرید ئەسەسەرد

# ئاین و دەوڵەت
## لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی - ٢٠١٠

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

## سەرپەرشتیاری زنجیرە : تەحسین نامیق

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تایپ: شانیا یوسف**

**چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی**

**تیراژ: (٢٥٠٠) دانە**

**ژمارەی سپاردن: (١٨٢٦) ی ساڵی ٢٠١٠ ی وەزارەتی رۆشنبیری**

**ژ. زنجیرە : ( ٣ )**

**لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

## پێشەکی

محەمەد عەلی پاشا یەکێکە لەکەسایەتییە دیارەکانی مێژووی میسر لەچەرخی نوێداو بەدامەزرێنەری میسری نوێ دادەنرێت. لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەودا میسر پێشکەوتنی گەورەی لەسەرجەم بوارەکانی(سەربازی ـ پەروەردە ـ پیشەسازی ـ کشتوکاڵ ـ ئاودێری ـ ڕێگاوبان ـ بازرگانی...)دا بەخۆوەبینی.

محەمەد عەلی پاشا لەساڵی ١٧٦٩ز لەشارۆچکەی (قولە) لەباکوری یۆنان لەدایك بووە. هەر لەتەمەنی منداڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە، دوای مردنی تۆسۆنی مامیشی، لەلایەن



هاوڕێیەکی باوکیەوە سەرپەرشتی کراوە. لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا پەیوەندی بەخزمەتی سەربازی کردووە، بەهۆی زیرەکی‌و لێوەشاوەیی خۆیەوە بۆتە جێگەی سەرنجی حاکمی (قولە).

لەساڵی ١٨٠١ بەپێی بڕیاری دەوڵەتی عوسمانی بە ناردنی سوپا (کەتیبەی ئەلبانی) بۆ میسر، محەمەد عەلی پاشا جێگری فەرماندەی کەتیبەکەو، پێش گەیشتنیان بەمیسر کراوە بە فەرماندەی ئەو کەتیبەیە.

هەر لەوکاتەدا لەماوەی سێ ساڵی مانەوەی لەشکری فەرەنسی لەمیسر، ژێرخانێك بۆ چاکسازی لەسەر مۆدیلی ئەوروپی دامەزرا، کە ڕۆڵی هەبوو لەسەقامگیرکردنی چەمکێکی تازەی بەڕێوەبردن.

دوای دەرچوونی فەرەنسیەکان، محەمەد عەلی پاشا هەر لەمیسردا مایەوەو پێگەی بەهێزی پەیداکردو توانی پەیوەندی پتەو لەگەڵ دامەزراوەی ئاینیدا دروستبکات کە لەوکاتەدا وەك هێزێکی نوێ‌و کاریگەر هاتەئاراوە، لەدەرئەنجامدا توانی

والی عوسمانی لەکاربخاتو لەساڵی ١٨٠٥ بەڕێوەبردنی وڵات بگرێتە ئەستۆ.

دوای سەرکەوتنی بەسەر مەمالیکەکانو ڕۆیشتنی ئینگلیز، توانی هەلومەرجێکی سیاسی جێگیر بێنێتە کایەوەو ببێتە بنەما بۆ بنیاتنانەوەو بەهێزکردنی پێگەی دەوڵەتەکەیو دروست کردنی سوپایەکی نیزامی بەهێز.

لەڕووی سەربازییەوە محەمەد عەلی پاشا ژمارەیەك سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لەساڵی ١٨١٨ توانی حیجازو نەجد داگیربکاتو لەساڵی ١٨٣٣ بەسەر سوپای عوسمانییدا سەرکەوتو توانی شام داگیر بکات دواتر بەپێی بڕیاری کۆنگرەی لەندەن لەساڵی ١٨٤٠ دەسەڵاتی محەمەد عەلی پاشا تەنها لەمیسردا بەرجەستەکرا.

شێوەی تێگەیشتنی فەلسەفیانەی محەمەد عەلی پاشا بۆ دەوڵەت ڕوخساری ڕژێمێکی پۆناپارتی وەرگرتبوو، کە تیایدا تاکی فەرمانڕەوا سەرجەم دەسەڵاتەکانی لەدەستی خۆیدا کۆکردبۆوە. دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بنەماڵەکەی دوای مردنی



خۆی لەساڵی ١٨٤٩، تا ساڵی ١٩٥٢ بەردەوام بوو بەمشێوەیە.

(ئیبراهیم پاشا، عەباس حلمی یەکەم، محەمەد سەعید پاشا، خدێوی ئیسماعیل، خدێوی تۆفیق، خدێوی عەباس حلمی، سوڵتان حسێن کامل، مەلیك فوئادی یەکەم، مەلیك فاروقی یەکەم، مەلیك ئەحمەد فوئادی دووەم).

## سەرپەرشتیار

# ئاین و دەوڵەت

## لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا

کاتێك فەرەنسییەکان لەساڵی ١٧٩٨دا هێرشیان کردە سەر میسر، دەوروبەری پێنج سەد ساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی جەنگی خاچپەرستەکاندا تێپەڕی بوو. بۆ فەراهەم کردنی فاکتەری یارمەتیدەر بۆ گەڵاڵەکردنی وێنایەکی ڕۆشنتر سەبارەت بەڕەوشی گشتیی میسر لەسەردەمی لەشکرکێشیی فەرەنسا بۆ سەر میسر، پێویستە پەی بەسروشتی ئەو هەڕەشەیە ببرێ کەمیسرییەکان پێیان وابو لەشکرکێشییەکە پێکی دەهێنێ. دەرکەوتنی کتوپڕی ئەوروپاییەکان لەمیسر لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا لەدەرکەوتنی کتوپڕی



خاچپەرستەکان نەدەچو. ئەگەرچی ئەمجارەش، وەکو جاری پێشو، ئەوروپا وەك داگیرکەر دەرکەوت، بەڵام ئاستی شارستانیو زانستیی ئەمجارەی ئەوروپا زۆر لەوەی سەردەمی خاچپەرستەکان پێشکەوتوترو پەرەسەندوتر بوو.

لەو کاتەدا میسرو هەروەها تێکڕای ڕۆژهەڵات نقومی دواکەوتویی ببوو. لەشکرکێشییەکەی فەرەنسا دەستی هەبو لەوروژاندنی هەستی ئاینی- نیشتمانپەروەریی میسرییەکان. سروشتی هەڕەشەکردنەکە تەنها جیاوازییە ئاینی- نەتەوەیی‌یەکان ناگرێتەوە، کە بەدڵنیاییەوە ڕۆڵێکی فرە گرنگیان لەڕوبەڕوبونەوەی لەشکرکێشییەکەی فەرەنسادا هەبو، بەڵکو هەروەها جیاوازییە کەلتوری- شارستانییەکانیش دەگرێتەوە. فەرەنسییەکان بەدرێژایی سێ ساڵ کەماوەی مانەوەیانە لەمیسر، سەرگەرمی ڕماندنو هەڵتەکاندنی دامودەزگاو بەها کۆمەڵایەتییە لۆکاڵەکانو هێنانە دیی دامودەزگای تری مۆدێل ئەوروپایی بون[1]. بەمجۆرە، هەوڵە بەراییەکانی ئەوروپا بۆ لەناوبردنی بەهاو کەلتورەکانی

ڕۆژهەڵاتو دانانی بەهاو کەلتوری ئەوروپایی لەجێیان دەستی پێکرد. میسرییەکان بەهاندانو پشتگیریی بەهاکانیان کەوتنە جمینو خرۆشان لەدژی بونی فەرەنسییەکان لەمیسر، نەك لەو روانگەیەوە کەبەهاکانیان دژی بونی بێگانەیە، بەڵکو لەو روانگەیەوە کەبەها فەرەنسییەکان لەگەڵ بەهاو کەلتوری میسرییەکاندا وێك نایەنەوە. ئەمە لێی رادەبینرێ بتوانێ هۆی ئەوەمان بۆ رون بکاتەوە کەبۆچی میسرییەکان بەرپەرچی عوسمانییەکانو بەهاکانیان نەداوەتەوە. بەهاو کەلتوری عوسمانییەکان سەرەڕای ئەوەی کەبەهاو کەلتورێکی بیانی بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەهاو کەلتوری میسرییەکاندا نەبوو و لەم سۆنگەیەوە کاتێك عوسمانییەکان لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا میسریان داگیر کرد، ئەو داگیرکردنە وەك ملکەچ پێکردنێکی زۆردارەکی تەماشا نەکراو نەبوە هۆی وروژاندنی هەستی نیشتمانپەروەری.



لەشکرکێشییەکەی فەرەنسا لەدو لاوە کاری کردە سەر ئایندەی میسر. یەکەم، لەو لایەوە کەبناغەیەکی بۆ پەرەسەندنی دواتری میسر دارِشتو دووەم لەو لایەوە کەهەلومەرجی میسر پاش چەندساڵێك لەکۆتایی هاتنی لەشکرکێشییەکەی فەرەنسا بەو سەرەنجامە گەیشت کەمحەمەد عەلی پاشا دەسەڵاتی گرتە دەستو بنەماڵەیەکی دامەزراند کەبۆ ماوەی سەدەو نیوێك حوکمڕانیی میسری کرد. بایەخی لایەنی دووەمی مەسەلەکە، بەرِەچاوکردنی ئەوەی کەهەردوو لایەن تەواوکەری یەکترن، لەدوو خاڵدا خۆی دەنوێنێ. یەکەم، تەواوی ئەو پەرەسەندنەی کەمیسر پاش لەشکرکێشییەکەی فەرەنسا بەخۆیەوەی بینیو تێیدا ژێرخانێك بۆ چاکسازی لەسەر مۆدێلی ئەوروپایی دامەزرا، لەسەر دەستی محەمەد عەلیو دوای ئەو لەسەر دەستی نەوەکانی هاتە دی. ئاشکراشە کەهەر هەوڵێك بۆ پێشکەوتنو خۆ رزگارکردن لەدواکەوتویی، بەبێ کەڵك وەرگرتن لەمۆدێلە ئەوروپاییەکانی بەڕێوەبردن، بەهیچ شێوەیەك دەستەبەر ناکرێ. ئەم مۆدێلانە رۆڵیان هەبو

لەسەقامگیرکردنی چەمکێکی تازەی بەڕێوەبردن کە نە لەمیسر باوی سەندبوو نە لەوڵاتەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی موسڵمان. رەوتی گشتیی پەرەسەندنەکە لەساڵی ١٩٢٣دا گەیشت بەئەوەگ، کاتێك میسرییەکان دەستورێکیان هێنایە دی کەڕوخسارە عەلمانییەکان بەئاشکرا بەسەریدا زاڵ بون. دووەم، بنەماڵەی محەمەد عەلی پاشا بنەماڵەیەکی دیندار نەبوەو مێژووەکەی هیچ هەوڵێکی بێ وچانی بۆ پێکەوە گرێدانی ئاینو دەوڵەت تێدا بەدی ناکرێو لەو مێژووەدا ئاینو دەوڵەت هەمیشە وەك دوو شتی لێك جیاواز سەیر کراون.

مێژوی محەمەد عەلی پاشا دەریدەخا کەسەرەتای ماوەی دۆستایەتیی نێوان محەمەد عەلی پاشاو دامەزراوەی ئاینی بۆ ئەو رۆژگارە دەگەڕێتەوە کەتێیدا محەمەد عەلی پاشا سەرگەرمی بەدەستهێنانی پشتگیریی دامەزراوەی ئاینی بوو بۆ گەیشتن بەدەسەڵات. هەر چۆنێك بێ، ئەم پەیوەندییە دۆستانەیە درێژەی نەکێشاو پاش کەمتر لەبیست ساڵ لەگەیشتنی بەدەسەڵات، محەمەد عەلی وردە وردە دامەزراوەی



ئاینیی لەیارییەکە دەرهێناو وەك دکتاتۆرێکی خاوەن دەسەڵاتێکی بێ سنور حوکمڕانیی کرد.

محەمەد عەلی بەشێوەیەکی نیمچە دیموکراتییانە گەیشت بەدەسەڵات، دەشیزانی بەزۆر یان بەپشت بەخۆ بەستن ناگا بەدەسەڵاتو سەری لەوەش دەرکردبوو کەمیسر دوای دەرچونی فەرەنسییەکان بەهەلومەرجێکی تایبەتدا تێدەپەڕێ. والیی عوسمانی، خورشید پاشا، نەیتوانی بوو لێوەشاوەیی خۆی بسەلمێنێ. ئاکامێك کەروداوەکانی ئەو ماوەیە پێی گەیشتن، رونی دەکەنەوە کەمیسرییەکان رێزێکی زۆریان بۆ والیی عوسمانی نەبوو و بەشایستەیان نەدەزانی. بەهەر حاڵ، محەمەد عەلی کەڕەنگە هیچ دەستی لەفراوانبونی دەلاقەی نێوان میسرییەکانو والیی عوسمانی نەبوبێ، لێبڕاوانە کەوتە کارکردن بۆ بردنی میسرییە بێزارەکان بۆ سەر ئەو باوەڕەی کەئەو لەوالییەکەیان زیاتر بەکەڵکی بەڕێوەبردنی میسر دێ.

لەڕاستیدا میسری پاش دەرچونی فەرەنسییەکان تەواو گۆڕا بوو و لەمیسری پێش پەیدابونیان نەدەچوو. هێزێکی

کۆمەڵایەتیی نوێ لەمیسر سەری دەرهێنا بوو ئەویش دامەزراوەی ئاینی بوو. بەکردەوە، ئەوەی کەڕابەرایەتیی خەباتی دژی فەرەنسییەکان کرد، مەلاکان بون. لەو سێ ساڵەی کەفەرەنسییەکان تێیدا لەمیسر بون، لەناو میسرییەکاندا تێکەڵەیەك لەهەستی نیشتمانیو ئاینی وروژا کەتێدا کۆمەڵ نەك دەوڵەت رۆڵی یەکلاکەرەوەی لەدروستکردنی ئایندەدا گێڕا. بەمجۆرە، هەلومەرجە گشتییەکە لەسۆنگەی بەزینی حکومەتی خۆماڵیی مەمالیکەکانەوەو لەبەر بێدەسەڵاتیی دەوڵەتی عوسمانی کەنەیتوانی بوو فریای میسر بکەوێ، دەرفەتێکی لەباری بۆ پەیدابونی هێزێکی کۆمەڵایەتیی تازە فەراهەم کرد کەدامەزراوەی ئاینی بوو. لەڕاستیشدا پاش دەرچونی فەرەنسییەکانو گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانی بۆ میسر، دامەزراوەی ئاینی هێزی خۆی لەدەست نەدا. بەڵام گەورەترین کەموکوڕیی ئەم دامەزراوەیە ئەوە بوو کەهیچ بەرنامەیەکی سیاسیی نەبو چونکە دامەزراوەی ئاینی لەئەجندەیدا نەبوو پاش دەرکردنی فەرەنسییەکان دەسەڵات



بگرێتە دەستو بەوە رازی بوو کەوەك رابەرێکی کۆمەڵایەتی نەك سیاسی بمێنێتەوە.

وەك لێکۆڵیارانی میسر تێبینیان کردوە، نە عوسمانییەکان پەیان بەپەیدابونی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە تازەیە بردبوو نە مەمالیکەکانو نە ئینگلیزەکان. لەناو هەمواندا، تەنها محەمەد عەلی کە لەساڵی ١٨٠١دا لەگەڵ هێزە عوسمانییەکاندا چوو بوو بۆ میسر، پەی بەکاریگەریی ئەم هێزە تازەیە لەسەر رەوشی روداوەکان برد[٢]. ئەم زوو پەی بردنە هاندەرێك بوو بۆ خۆ نزیك کردنەوە لەدامەزراوەی ئاینیو دامەزراندنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵیدا.

سەرکەوتنی محەمەد عەلی لەم بوارەدا مایەی سەرسوڕمانە. لەم سەروبەندەدا محەمەد عەلی هاوپەیمانیی لەگەڵ دامەزراوەی ئاینیی میسر بەڕابەرایەتیی شێخ عومەر مەکرەم بەست. هەردولا بەناوەڕۆك لەسەر ئەوە هاوڕا بون کەمانەوەی خورشید پاشا لەپۆستی والیدا نابێ لەوە زیاتر درێژە بکێشێ. بەمجۆرە، لەڕوداوێکدا کە بەدەگمەن لەویلایەتە عوسمانییەکاندا

دەبینرێ، محەمەد عەلی بەپشتیوانیی دامەزراوەی ئاینی، والیی عوسمانی خورشید پاشای لەکار خستو لەسەر راسپاردەی دامەزراوەی ئاینی کە بەکردەوە نوێنەرایەتیی میسرییەکانی دەکرد بەڕێوەبردنی ولاتی گرتە ئەستۆ. جەبەرتی، مێژونوسی ئەو سەردەمە، وا گوزارشت لەم روداوە دەکا کەدەڵێ ((محەمەد عەلی بەپشتیوانیی سەید عومەر مەکرەمی نەقیبو شێخەکانو قازیو هاونیشتمانانو هاوولاتییان سەرکەوتنی بەدەستهێنا))[٣]. تاکە مەرجی دامەزراوەی ئاینی بۆ محەمەد عەلی، دادپەروەریو پیادەکردنی شەریعەت بوو[٤]. ئەگەر لەخاڵەکانی رێککەوتنی نێوان محەمەد عەلیو دامەزراوەی ئاینی ورد ببینەوە، دوو خاڵمان دێتە بەرچاو کەدەرخەری هێزی دامەزراوەی ئاینینو نیشاندەری ئەوەن کەئەم دامەزراوەیە توانیویەتی لەهەلومەرجە چارەنوسسازەکاندا مەرجەکانی خۆی بسەپێنێ. خاڵی یەکەم ئەوەیە کەدامەزراوەی ئاینی مەرجی بۆ محەمەد عەلی دانابوو کە لەو مەسەلانەدا کەپێویستیان بەڕاوێژ هەیە، دەبێ راوێژ بەعومەر مەکرەم بکات. ئەمە بەم واتایە



دێت کەدامەزراوەی ئاینی بەهیچ شێوەیەك پشتگیریی لەحوکمڕانیی رەها نەکردوەو محەمەد عەلیشی بردۆتە سەر ئەو باوەڕەی کەرازی بێ سانسۆرێکی ئاینی بخرێتە سەر بڕیارەکانی حکومەت. خاڵی دووەمیش رێککەوتنی هەردولایە لەسەر ئەوەی کەهەر کات والی کارێکی وای کرد کەلەگەڵ ئایندا نەگونجێ، دامەزراوەی ئاینی مافی لەکارخستنی هەیە. ئەم مەسەلەیە بەو سەرەنجامە دەگات کەدامەزراوەی ئاینی بەشێوەیەکی رەها مافی لێ سەندنەوەی شەرعیەتی پێ بەخشراوە، ئەگەرچی رێککەوتن لەسەر ئەم خاڵە بەشێوەیەکی تایبەت زیاتر رەفتاری ئاینی دەگرێتەوە نەك هەمو جۆرە رەفتارێك. ئەمەش بەم مانایە دێ کەدامەزراوەی ئاینی هەر کات وای دابنایە کەهەڵسوکەوتی محەمەد عەلی لەگەڵ ئایندا وێك نایەتەوە، دەمو دەست ئەو مافەی بەخۆی دەبەخشی کەمافی حوکمڕانیی لێ بسەنێتەوە.

دامەزراوەی ئاینی وا تێگەیشتبو بەم مەرجانە، بەتایبەتی دوو مەرجە ناوبراوەکە، دەتوانێ گەرەنتییەك بۆ ملکەچکردنی

دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بێنێ. دیارە دامەزراوەی ئاینی ئەوەندە لەتوانای خۆی دڵنیا بوو کەئیستانبولی هاندا فەرمانی والییاتی بۆ محەمەد عەلی دەرکا. پێدەچێ ئیستانبول لەم داوایە دودڵ بووبێ بەڵام لەکۆتاییدا بۆ دۆزینەوەی کۆتاییەکی ئاشتییانە بۆ تەنگژە سەختەکە، بەنادڵی سەری دانەواندو رازی بوو بەرامبەر بەحەوت ملیۆن فرەنك لەساڵێکدا محەمەد عەلی ببێ بەوالیی میسر[٥].

محەمەد عەلی نە کەسێکی دیندار بوو نە بەتەنگ ئیسلامەوە بوو. ژیاننامەکەی رونی دەکاتەوە کەئەم کابرایە تەواوی ژیانی خۆیو بەهرەکانی بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی تەرخان کردووە. ئەو پرسیارەی کەلێرە دێتە پێش ئەوەیە کە: چی وای لەدامەزراوەی ئاینی کرد متمانە بەکابرایەك ببەخشێ کە نە دیندارەو نە بەتەنگ ئیسلامەوەیەو بۆ دابین کردنی ئامانجو بەرژەوەندییەکانی خۆی دەست لەهیچ شتێك ناگێڕێتەوە؟ تاکە وەڵام کە لەگەڵ ئەم رەوشەدا بگونجێ ئەوەیە کەمحەمەد عەلی پیاوێکی ئەوەندە



فێڵباز بوو کەتوانی دامەزراوەی ئاینی تەفرە بداو بیباتە سەر ئەو باوەڕەی کەقۆناغی پاش دەرچونی فەرەنسییەکان لەمیسر پیاوێکی وەکو ئەوی گەرەکەو هەر ئەویشە لێی رادەبینرێ بتوانێ بەرژەوەندیی میسرییەکان دەستەبەر بکاو بیانپارێزێو خزمەتی ئاینیش بکات. ئەوەی کەسپاردنی حوکمڕانیی بەمحەمەد عەلی ئاسان کرد دوو فاکتەرە. یەکەمیان دڵنیابونی دامەزراوەی ئاینی بوو لەگەرەنتییەکانی رێککەوتنی لەگەڵ محەمەد عەلیدا، دڵنیابونێك کەدواتر دەرکەوت زێدەڕۆییەکی زۆری پێوە کراوە. دووەمیشیان ئەوەیە کەدامەزراوەی ئاینی حوکمڕانیی بەوالییەك بەخشی بوو نەك بەسوڵتانێك یان بەبنەماڵەی فەرمانڕەوا، واتە دامەزراوەی ئاینی پێی وابو گرێبەستەکە بەمردنی محەمەد عەلی کۆتایی دێو بەهیچ شێوەیەك بنەماڵەکەی ناگرێتەوە چونکە لەکاتی بەستنی گرێبەستەکەدا نە محەمەد عەلی مەرجی پشتگیری کردنی بنەماڵەکەی لەپاش خۆی داناو نە دامەزراوەی ئاینی وای نیشاندا کەپاش محەمەد عەلی پشتگیریی نەوەکانی دەکا،

ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە لەکاتی گرێبەستەکەدا هیچ لایەکیان بیری بۆ ئەوە نەدەچو کە لەئایندەدا حوکمڕانیی میسر بەشێوەی پشتاوپشت بۆ بنەماڵەی محەمەد عەلی دەمێنێتەوە.

هەڵسوکەوتو رەفتاری محەمەد عەلی برێکی زۆر ژیری‌و زۆرزانیی پێوە دیارە. ئەم کابرایە ئێجگار ماکیاڤیلییانە هەڵسوکەوتی کردو بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتێك بۆ گەیشتن بەدەسەلات هەمو دەوروبەری خۆی هەڵخەڵەتاندو بەهەمو مەرجەکانی دامەزراوەی ئاینی رازی بوو، مەبەستەکەشی تەنها بەدی هێنانی ئامانجە تایبەتەکانی خۆی بوو. گومان لەوەدا نیە کەمحەمەد عەلی هەر لەسەرەتاوە وای دانابوو کەهیچ بەڵێنێکی جێبەجێ ناکات. ئەگەر دامەزراوەی ئاینی وا تێگەیشتبێ کە بە بەستنی پەیمان لەگەڵیداو بەپابەندکردنی بە پەسندکردنی گەرەنتییەکان، ئامانجەکانی خۆی هێناوەتە دی، ئەوا دواتر بۆی رون بۆوە کە لەم بارەیەوە زۆر بەهەڵەدا چوە. بەلای محەمەد عەلییەوە، رێزگرتن لەبەڵێن‌و پەیمانەکان‌و تەرخانکردنی حوکمڕانییەکەی بۆ خزمەت کردنی ئاین، وەك دامەزراوەی



ئاینی ئومێدی لەسەر هەڵچنی بوو، دوا شتە کەئەو بیری لێ دەکاتەوە.

بیروباوەڕی محەمەد عەلی رون نیە. ژیاننامەکەی، پەردە لەڕوی ئەوە هەڵدەماڵێ کەجیهانەکەی جگە لەیاسای هێز هیچ یاسایەکی تر جێی تێدا نابێتەوە. بەپێچەوانەی ئەوەش کە لەلای عەرەب‌و میسرییەکاندا باوە، محەمەد عەلی بەڕەچەڵەك ئەلبانی نیە، بەڵکو کوردە. سەرچاوەکانی کورد لەناسینی رەچەڵەکی کوردانەی محەمەد عەلیدا، پشت بەلێدوانێکی سالی ١٩٤٩ی میر محەمەد عەلی بۆ گۆڤاری ((المصور))ی میسری دەبەستن کەتێیدا گوتبوی رەچەڵەکی باوکی محەمەد عەلی پاشا دەچێتەوە سەر کوردی دیاربەکر[٦]. هۆی بەئەلبانی ناوبانگ دەرکردنی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەکاتێك بەفەرمانددەیی تیپێك لەسالی ١٨٠١دا بەشداریی لە لەشکرکێشییەکەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر میسر کرد، زۆربەی سەربازەکانی تیپەکەی ئەلبان بون‌و تیپەکەش وەك تیپێکی ئەلبانی ناوی دەرکردبوو.

سەرەڕای لێدوانە گرنگەکەی میر محەمەد عەلی کەتێیدا بەئاشکرا ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی بردۆتەوە سەر کورد نەك بۆ سەر ئەلبان، سەرچاوە میسرییەکان تا ئێستا سورن لەسەر ڕەچەڵەکی ئەلبانییانەی. بەلاّم ئەمە بەو مانایە نیە کەزانیارییەکی زۆر دەربارەی ڕەچەڵەکی محەمەد عەلی پاشا هەیە. یەکەم کتێب دەربارەی ژیان‌و دەستکەوتەکانی محەمەد عەلی پاشا کەمحەمەد فەرید بەگ (١٨٦٨-١٩١٩) لەساڵی ١٨٩٠دا لەسەردەمی خدێوی تۆفیقدا دەری کردووە، جگە لەزانیارییە باوەکان هیچ وردەکارییەکی گرنگی دەربارەی ڕەچەڵەکی محەمەد عەلی پاشا تێدا نیە[٧]. محەمەد فەرید بەگ سەرەڕای نزیکیی لەدەسەڵات‌و هەوڵی بێوچانی بۆ لەخۆ ڕازیکردنی خدێوی تۆفیق‌و ڕۆڵی گرنگی لەژیانی گشتیدا وەك ڕابەری پارتی نیشتمانیی میسر لەساڵانی ١٩٠٨-١٩١٩، کەمترین بەشی کتێبەکەی بۆ تاوتوێ کردنی ڕەچەڵەکی محەمەد عەلی پاشا تەرخان کرد. دەشێ ئەمە شتێکی وای لێهەڵبکرێندرێ کەمحەمەد فەرید بەگ هیچ شتێکی گرنگی



دەربارەی ئەم بابەتە چنگ نەکەوتوە یاخود لەبنەڕەتدا تاوتوێ کردنی ئەم بابەتەی بەلاوە گرنگ نەبووە.

محەمەد فەرید بەگ بەم جۆرە سەیری مەسەلەکەی کردووە کە لەتاوتوێ کردنی ژیاننامەی محەمەد عەلی پاشادا، بابەتە سەرەکییەکە نەژادو ڕەچەڵەکی نیە، بەڵکو هەوڵ دەرکەوتنێتی لەمیسر لەساڵی ١٨٠١دا. ئیتر لەسەردەمی محەمەد فەرید بەگ بەدواوە، هەمو لێکۆڵیارانی میسر لەسەر ئەم ڕێبازە ڕۆیشتن، تەنانەت کاتێك میسرییەکان لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا ئاهەنگیان بەبۆنەی تێپەڕینی دوو سەد ساڵ بەسەر سەردەمی محەمەد عەلیدا گێڕاو چەردە لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخیان دەربارەی ئەو سەردەمە بلاّو کردەوە، کەمترین سەرقاڵبونیان بەتاوتوێ کردنی ڕەچەڵەکی محەمەد عەلی نیشانداو زۆرتریش بانگەشەیان بۆ ڕەچەڵەکی ئەلبانییانەی کرد.

لەمیسر محەمەد عەلی وەك ناسیۆنالیستێکی کورد هەڵسوکەوتی نەکرد. ڕەفتاری ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ

كەبايەخێكی زۆری بەرەچەڵەكی كوردانەی خۆی نەداوەو هیچ پەیوەستێكی سۆزداریی لەگەڵ كوردو كوردستاندا نەبوە. سەرچاوەكانی كورد هێشتا لەوە دڵنیا نین كەمحەمەد عەلی زمانی كوردیی زانیوە یان نا. ئەگەرچی زۆر رێی تێدەچێ كەمحەمەد عەلی بەشێكی ژیانی لەئەلبانیا بردبێتە سەر، بەڵام میسرییەكان هیچ ئەنگێزەیەكی وایان لێ نەدی بوو كەبەڵگەی پشتگیری كردنی رەچەڵەكی ئەلبانییانەی بێ یان بەخۆوە نازینێكی ئەلبانییانەی پێوە دیار بووبێ. لەمیسر محەمەد عەلی لەڕەفتاردا باكی بەبەرژەوەندیی میسرییەكان نەبوو و واش نەناسرا كەخەریكە میسر بەنیشتمانی تازەی خۆی دادەنێ. خاڵێك كەپێویستە رونو رۆشن بێ ئەوەیە كەمحەمەد عەلی سەر بەهیچ شوێنێك نیەو هیچ وڵاتێك بەنیشتمانی خۆی نازانێ. ئەمە هاندەرێكە بۆ ناساندنی وەك كەسێكی بەیەكجارەكی لەهەستی شوێن داماڵدراوو بەبیركردنەوە كۆسمۆپۆلیت.

ئایا محەمەد عەلی، بەمانا شارستانییەكەی وشەكە، خۆی بەعوسمانی داناوە؟ لەڕاستیدا ئەمە زۆر بەدور دەزانرێ چونكە



لەڕەفتاریدا شتێكی وا نابینرێ ئاماژە بێ بەپابەندبونی بە بەرژەوەندییەكانی دەوڵەتی عوسمانی. یەكەم ئاماژەی رون بۆ ئەو ئەگەرەی كەمحەمەد عەلی لێی رادەبینرێو لەدەستی دێ دەست لەگەڵ دوژمنانی دەوڵەتی عوسمانیدا تێكەڵاو بكا، بۆ ساڵی ١٨٠٧ دەگەڕێتەوە، كاتێك محەمەد عەلی سەرگەرمی وتووێژێكی گەرمو گوڕ بوو لەگەڵ ئینگلیز بۆ رێكخستنی كاروباری دەرچونیان لەشاری ئەسكەندەریە. لەم وتووێژەدا محەمەد عەلی پەیمانی دا كەلێناگەڕێ نە فەرەنسییەكان ئەسكەندەریە لەدژی بریتانیا بەكار بێنن نە توركەكانو بەپێی نامەیەكیش كەفریزەری فەرماندەی لەشكركێشییەكەی بریتانیا بۆ سەر ئەسكەندەریە لە١٦ی تشرینی یەكەمدا بۆ جەنرال مووری ناردوە، دەردەكەوێ كەمحەمەد عەلی بەڵێنی بەئینگلیز داوە بەرژەوەندییەكانیان بپارێزێ[٨].

ئەمە هیچ نیە لەچاو هەوڵی لێبڕاوانەی بۆ سەپاندنی مەرجەكانی بەسەر ئیستانبولدا. لەم سەروبەندەدا محەمەد عەلی دوو شتی كردە بیانوو بۆ هەڵگەڕانەوە لەدەسەڵاتی

ئیستانبول. یەکـەمیان، پەشـیمانبونەوەی سـولتان مـەحمودی دووەم لەبەڵێنی بەخشینی سـوریا بـەو، پـاش رۆڵـی بەرچـاوو کاریگەری لەجەنگی یۆنانـدا، پەشـیمانبونەوەیەك کەمحەمـەد عەلیی زۆر رق ئەستور کرد. دووەمیشیان، لەق بونی دەسەلآتی عوسمانی لەسوریا پـاش راپـەڕینی سـاڵی ١٨٣١ی دیمەشـق لـەدژی والیـی عوسمـانیو راپـەڕینی جوتیـارانی فەلەسـتین لەنابلس[٩]. محەمەد عەلی لەتاوتوێ کردنی رەوشی ئەو کاتـەی دەوڵەتی عوسمانیدا، گەیشتە ئـەو ئەنجامـەی کـەبۆ دەسـت لێ وەشاندنو لێ سـەندنەوەی پاشانشـینی عـەککای فەلەسـتینو کردنی بەیەکەم هێڵی بـەرگری لـەخۆکردن بەرامبـەر بەهـەر لەشکرکێشـییەکی عوسمـانی لەئاینـدەدا بـۆ سـەر میسـر، دەرفەتێکی لەبار لەئارادایە. ئەستەمە وای دابنێین کەبیرۆکەی گرتنی عەککا هەڵقوڵاوو زادەی ئەو کاتە بووە. زیـاتر بـیر بـۆ ئەوە دەچێ کەبیرۆکەکە لەبنەڕەتدا لەمێشکی محەمەد عەلیـدا هەبووەو تەنها پێویسـتی بەدەرفـەتی گونجـاوو بیـانوی بـەهێز هەبوە. گرتنی عەککا بەئاسانی، هانی دا سـڵ لەدرێژەپێـدانی



جەنگ نەکاتەوەو لـەم سـۆنگەیەوە هـەموی سـاڵێکی نـەبرد، محەمـەد عـەلی دەسـتی بەسـەر هـەمو سـوریادا گـرت. لـەو سۆنگەیەشـەوە کەسیاسـەتی محەمـەد عـەلی لەبنـەمادا سیاسەتێکە پشـت بـەهێز دەبەسـتێ، وردبونـەوە لەڕێچـکەی هێرشەکەی میسر بۆ سەر عەککا دەمانباتە سەر ئەو بـاوەڕەی کەسوریا لەوێستگەیەکی نیـازو مەرامـەکانی محەمـەد عـەلی بەولاوە شتێکی تر نەبوەو لەڕاسـتیدا محەمـەد عـەلی سـوریای نەویستوە بەڵکو جیابونەوەی لەدەوڵەتی عوسمانی ویستوە. پاش ئەوەی هێزەکانی میسر لەحەلـەب عوسمانییـەکانیان شـکاند، بەرەو قۆنیە پێشڕەوییان کردو لەوێ سەرکەوتنێکی وا گەورەیان بەدەست هێنا کەئیتر رێگای هەڵکشانە سـەر ئیسـتانبول بـوو بەڕێگایـەکی کـراوە[١٠]. ئەگـەر روسـیا خـۆی لەمەسـەلەکە هەڵنەقورتاندایەو کەشتیگەلەکەی بۆ پاراستنی ئیستانبول بۆ تەنگەکان نەناردایە، سـوپای میسـر دەچـوە نـاو ئیسـتانبولو کۆتـایی بەدەوڵـەتی عوسمـانی دەهێنـا[١١]. سـاڵی ١٨٣٣ ئەوروپاییەکان پەیمانی کوتاهیـەیان بەسـەر محەمـەد عەلیـدا

سەپاند. پەیمانەکە لەگەوهەردا کەم دەستکەوتی بۆ محەمەد عەلی تێدا نەبو. بەهۆی پەیمانەکەوە، محەمەد عەلی سوریای چنگ کەوت، بەلاًم ئەمە هیچی لەوە نەگۆڕی کەئەو هەر والییەکی سەر بەدەوڵەتی عوسمانییە. بۆ محەمەد عەلی خراپترین ئاکامەکانی پەیمانەکە هێشتنەوەی پەیوەندیی وابەستەیی میسر بەئیستانبول بوو. دواتر، ئەوروپاییەکان ناچاریان کرد دەستبەرداری سوریا بێ‌و پەیمانی لەندەنیان بەسەردا سەپاند کەساڵی ١٨٤١ بەناچاری پێی رازی بوو.

لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ کۆنسوڵی فەرەنسا لەساڵی ١٨٣٠دا، محەمەد عەلی خۆی وەك سیاسەتمەدارێك ناساند کە سەر بۆ کۆتە ئاینییەکان دانانەوێنێ[١٢]. لەڕاستیدا محەمەد عەلی بەبێ پشت بەستن بەئاین کاروباری گشتیی رێکخستو هۆکارە ئاینییەکان هیچ کاریگەرییەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان لەسەر بڕیارەکانی نەبوو و لەڕژێمەکەیدا ئاین‌و سیاسەت بەتەواوی لێك جیا کرابونەوە.



دەربڕینی ئامادەیی بۆ هێرش کردنە سەر باکوری ئەفریقیا لەسەر داوای فەرەنسا، زۆر بەڕونی دەریدەخا کەئاین هیچ رۆڵێکی لەژیانی محەمەد عەلیدا نەبوە. ساڵی ١٨٢٩ کۆنسۆلی فەرەنسا لەقاهیرە پێشنیاری بۆ محەمەد عەلی کرد کەهێرش بکاتە سەر باکوری ئەفریقیا لەلیبیای دراوسێی میسرەوە تا جەزایر. محەمەد عەلی پاش ئەوەی لەوە دڵنیا بوو کەفەرەنسا لەناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا پشتگیریی دەکا، رەزامەندیی لەسەر پێشنیارەکە نیشانداو ئامادە بوو لەبەرامبەردا، هەندێ مافی ئابوریی لەباکوری ئەفریقیا بۆ فەرەنسا بسەلمێنێ، بەلاًم پرۆژەکە لەسۆنگەی گوشاری بریتانیاوە سەری نەگرت[١٣].

محەمەد عەلی هەمیشە خۆی بەبێگانە زانیوە. ئەوەی ئەمە رون دەکاتەوە شوبهاندنی کۆششەکانی خۆیەتی لەمیسر، بەکۆششەکانی ئینگلیز لەهیندستان. لەم لێکچواندنەدا محەمەد عەلی نیشانی دا کەئەو لاسایی ئینگلیزەکان دەکاتەوە، ئەوان وەك چۆن لەهیندستاندا کار دەکەن، ئەویش بەهەمان

شێوە لەمیسر کار دەکاو وەك چۆن ئینگلیزەکان لەهیندستاندا لەشکرێکیان لەهیندییەکان پێك هێناوەو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاری دێنن، ئەویش لەمیسر لەشکرێکی لەمیسرییەکان پێك هێناوەو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری دێنێ[١٤].

ئەگەرچی محەمەد عەلی بەپشتیوانیی دامەزراوەی ئاینی گەیشت بەدەسەلات، بەڵام هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەم دامەزراوەیەدا لەتاکتیکێك بۆ بەدەستهێنانی دەسەلات بەولاوە هیچی تر نەبوو و پێدەچێ هەر لەسەرەتاوە هاوپەیمانییەکەی بەهاوپەیمانییەکی کاتی دانابێ، هەنگاوەکانی بۆ تونودتۆڵ کردنی دەسەلاتی خۆی، شتێکی وایان لێ بەدی دەکرێ کەهەوڵی داوە لەدەرفەتی گونجاودا هێز لەهەمو گروپەکان دابماڵێو لەم سەروبەندەدا زوو کەوتە جێبەجێ کردنی نەخشەیەك بۆ لاوازکردنی رۆڵی دامەزراوەی ئاینی لەژیانی گشتیدا. لەم چوارچێوەیەدا وردە وردە کەوتە وشککردنەوەی سەرچاوەکانی هێزی ئابوریی دامەزراوەی ئاینیو لەتەموزی



ساڵی ١٨٠٩دا یەکێ لەگرنگترینو کاریگەرترین بڕیارەکانی جێبەجێ کرد کەدەست گرتنە بەسەر هەمو زەویو زاری ئەوقافدا[١٥].

دواتر، لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هەمەگیرداو پاش دڵنیابون لەلاوازیی دامەزراوەی ئاینی بەئەندازەی پێویست، لێبڕاوانە بڕیاری دا بەشێوەیەکی یەکجارەکیو تەواو هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ دامەزراوەی ئاینیدا هەڵبوەشێنێتەوەو لەم سەروبەندەدا بڵاوەی بەنوێنەرەکانی کردو سەرۆکی دامەزراوەکەشی دور خستەوە[١٦]. محەمەد عەلی روبەڕوی دامەزراوەی ئاینی بۆوەو هیچ کاریگەرییەکی ئەم دامەزراوەیەی لەسەر بڕیارەکانی دەوڵەت نەهێشت بەڵام مایەی تێڕامانە کەمحەمەد عەلی لەهەمو تەگبیرو هەنگاوەکانیدا هیچ هەڵوێستێکی رونو دیاری بەرامبەر بەسروشتی ئاینو سروشتی بەهاکان نەنواندوە. عەلمانییەتەکەی، بنەمایەکی زۆردارەکیی وەك شێوە باوەکەی حوکمڕانیی رۆژهەڵاتی موسڵمان هەیە. شێوەی تێگەیشتنی فەلسەفییانەی محەمەد

عەلی لەدەوڵەت شێوە تێگەیشتنێکی فرە کلاسیکییەو دورە لەپشت بەستن بەپرۆژەیەکی لیبراڵوانە بۆ بەدامەزراوکردنی دەوڵەت. پرۆژەی مۆدێرنیتەی محەمەد عەلی زیاتر پشت ئەستورە بەخودی خۆی. بەم پێودانگە، رژێمێك کەئەو دایمەزراند روخساری رژێمێکی بۆناپارتی وەردەگرێ کەتێیدا تاکی فەرمانڕەوا هەمو دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆی کۆ دەکاتەوەو لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتدا پشت بەزەبروزەنگ‌و کاریزمای خۆی دەبەستێ. عەلمانییەتەکەی محەمەد عەلی کەمترین بڕی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێدایە بەڵام، سەرەڕای ئەمە، هەست دەکرێ پەراوێزێکی تەنگەبەری بۆ رێزگرتن لەئازادیی‌و کراوەیی ئەقڵ‌و دەستپێشخەریی تاك‌و پشت بەستن بە بەهرە خودییەکان بۆ مۆدێرنیزەکردنی ژیان‌و کۆمەڵ‌و دەوڵەت یان بۆ سود وەرگرتن لەپێشکەوتنی ئەوروپاو بەکارهێنانی وەك ئامرازێك بۆ مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەت، تێدا هێڵدراوەتەوە.



چەمکی مۆدێرنیزە لەلای محەمەد عەلی لەسەر بنەمای هێزی دەوڵەت‌و وردتر لەسەر بنەمای هێزی سەرۆکی دەوڵەت دامەزراوەو ئەمە بەیەکێ لەدیارترین مەرجەکانی سەرکەوتنی ئەم چەمکە لەمیسر دەژمێردرێ. ئەمە بەو واتایە دێ کە بەستنەوەی مۆدێرنیزەکردنە بەناوەندێتییەکی توندوتۆڵ‌و تۆکمەوەو هەندێ جار بەستنەوەی بە بەکارهێنانی دژوارترین‌و بێ بەزەییترین رێوشوێنەوە، تیۆرییەك بەرهەم دێنێ کەتێکهەڵکێش کردنی هێزی دەوڵەت‌و هێزی ویستی سیاسی دەکاتە بنەماو لیبراڵوانە پشت بەویستی تاکڕەوانەی رابەرێکی دکتاتۆر دەبەستێ کەتێکڕای دەسەڵاتەکان بۆ خۆی قۆرخ دەکاو تەنانەت بڕێکی کەمی ئازادیش بەهاوولاتییانی خۆی نابەخشێ.

محەمەد عەلی سەرگەرمی دروستکردنی رژێمێك بوو خۆی تاکە دروستکەری بڕیار بێ تێیداو تەواوی دامەزراوە گشتییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ ملکەچی بن. ئەمە نەك هەر گوزارشت لەتاکڕەوی دەکا، بەڵکو گوزارشت لەهەوڵێکیش

بۆ هێشتنەوەی هەمو دامەزراوەکان بەبێ دەسەڵاتی راستەقینە دەکا. لەم سەروبەندەدا سیستمی دانانی شێخی ئەزهەر لەسەر دەستی ئەو دەستی پێ کردو[١٧] ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەدەوڵەت ویستویەتی دامەزراوە ئاینییە فێرکارییەکەی ئەزهەر بخاتە ژێر هەژمونی خۆیەوەو دژی بونی دامەزراوەی سەربەخۆ بووە لەدەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەت. دەکرێ ئەم مەسەلەیە لەو گۆشە نیگایەوە تەماشا بکرێ کەمحەمەد عەلی بەمانای وشە دژی فێرکردنی ئاینی نەبوە بەڵکو پێی باش بووە فێکردنی ئاینی بخاتە ژێر سەرپەرشتیی دەوڵەتەوە تاکو نەبێتە بەرهەمهێنەری هێزێکی رکابەر.

بەم مانایە، عەلمانیەتەکەی محەمەد عەلی لەعەلمانیەتێکی پراگماتیکی بەولاوە شتێکی تر نیەو زیاتر پشت ئەستورە بەرزگاربون لەکۆتە ئاینییەکان‌و فەرامۆش کردنی یەکجارەکیی رۆڵو بایەخی فاکتەری ئاین لەژیانی گشتیدا. دەبێ ئەم عەلمانیەتە لەچوارچێوەی هەلومەرجی ژینگەی کۆمەڵایەتیی دوا بەدوای لەشکرکێشیی فەرەنسا



هەڵبسەنگێنرێ، ژینگەیەك کەمایەی بەرهەم هێنانی رابونێك بوو لەبواری بەهاکاندا کە بەکارهێنانی زانستی ئەوروپایی بۆ تازەکردنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی میسرو خۆ دەربازکردن لەچوارچێوەی دواکەوتنی گشتی بەئەرکێکی بەپەلەو پێویست دادەنا.

بیروباوەڕی محەمەد عەلی هیچ کاریگەریی عەلمانیەتی رۆژئاوای پێوە دیار نیە. راستییەکەش ئەوەیە کەمحەمەد عەلی بەقەد ئەوەی کەخۆی لەکۆت‌و بەندی ئاین رزگار کردبوو، ئەوەندەش خۆی لەکۆت‌و بەندی ئەرکە عەلمانییەکان رزگار کردبوو. ئەگەر بەوردی بڕوانینە هەڵسوکەوتی، بۆمان دەردەکەوێ کەئەو هەوڵی جیاکردنەوەی ئاینی لەدەوڵەت نەداوەو ئەوەی لێی دەگێڕدرێتەوە شتێکی وای لێ هەڵناکرێ کەبیری لەپێویستیی جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت، بەمانا عەلمانییەکەی دەستەواژەکە، کردبێتەوە. دورخستنەوەی دامەزراوەی ئاینی لەحوکمڕانی‌و لاوازکردنی بەڕادەیەك کەنەتوانێ بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەری

لەسەر سیاسەتی دەوڵەت بەجێ بێڵێ، ئەوپەڕی ئامانجی بووە. بەپێی ئەم روانینە، محەمەد عەلی هەڵپەی لاسایی کردنەوەی عەلمانیەتی نەبوە. ئامانجە بەرزەکەی، نەهێشتنی کاریگەریی هەمو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە بوو کەلێیان رادەبینرا بتوانن پڕۆژەکەی پوچەڵ بکەنەوە. لەسەرەتای دەستبەکاربونیدا، محەمەد عەلی وای دانابوو کەتەنها دوو هێزی بنچینەیی لێیان چاوەڕوان دەکرێ بتوانن لەناوەوە گێچەڵی بۆ بنێنەوە، یەکێکیان، لەڕوی ئاینییەوە، دامەزراوەی ئاینییەو ئەوی تریان، لەڕوی سیاسییەوە، پاشماوەی مەمالیکە. لەم سەروبەندەدا توانی هێزی یەکەم وەلاوە بنێ‌و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی دەوڵەت بۆ نەهێڵێتەوە بەڵام نەیتوانی لەڕەگەوە هەڵی بکەنێ چونکە کارێکی وا لەتوانای ئەودا نەبو. بۆ لەناوبردنی هێزەکەی تر، فڕوفێڵی بەکار هێناو لەساڵی ١٨١١دا نوێنەرەکانی ئەم هێزەی لەکوشتارە بەناوبانگەکەی قەلادا قڕ تێخست.



عەلمانیەتەکەی محەمەد عەلی ئەوەندەی لەخزمەتی دەوڵەتدایە ئەوەندە لەخزمەتی کۆمەڵدا نیە. ئەوەش کەهیچ گومان هەڵناگرێ ئەوەیە کەهەڵسوکەوتی محەمەد عەلی ئاسەوارێکی زۆری دنیاگەرایی تێدا بەدی دەکرێ، ئەمەش بەم مانایە دێ کەدەوڵەت پشت بەبنچینە دنیاییەکان دەبەستێ نەك بەبنچینە ئاینییەکان. بەڵام عەلمانیەت لەچوارچێوە گشتییەکەیدا کە مانای پشت بەستن بەزانستی پۆزەتیڤو چەمکەکانی هاووڵاتیبونو یەکسانیی یاساییو ئازادییەکانی تاكو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی لەبواری کاروباری دەوڵەتدا دێ، ناتوانێ جێیەك بۆ خۆی لەڕژێمەکەی محەمەد عەلی بکاتەوە.

بڕبڕەی پشتی رژێمەکەی محەمەد عەلی، مۆدێرنیزەکردن بوو و بەم پێیە خوێندنگەی دامەزراندو خوێندکارانی بۆ ئەوروپا نارد تاکو فێری زانست بنو بۆ مۆدێرنیزەکردنی ژیانی میسرو پتەوکردنی توانای سوپاکەی هانای بردە بەر ئەوروپاییەکانو چەندین پڕۆژەی دامەزراند کەبونە هۆی پێشخستنی کشتوکاڵو

یەکەم چاپخانەی عەرەبیی دانا. بەدڵنیاییەوە چاکسازییەکانی بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە. دیارە خوێندنەوەی محەمەد عەلی بۆ رەوشەکان خوێندنەوەیەکی وردبینو پێشکەوتوو بووەو بەم پێودانگە لەو بڕوایەدا بوو کە بەبێ کۆمەکو یارمەتیی ئەوروپا هیچ دەرفەتێك بۆ ئەنجامدانو سەرخستنی مۆدێرنیزەکردن پێك نایە. گومانیش لەوەدا نیە کەئەو چاکسازییەی لەسەر دەستی ئەو هاتە دی، کاریگەرییەکی دیارو بەرچاوی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەبو بەئەندازەیەك کەمیسر لەپێشکەوتنی دواتریدا قەرزارباری رەنجو کۆششی محەمەد عەلییە.

بیرکردنەوەی محەمەد عەلی بەقەد ئەوەی کەوەك بیرکردنەوەیەکی تازەگەرو دەستپێشخەر خۆی نواندوە، کەئەمەش زیاتر کۆنترۆل کردنی کاروباری گشتیو بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەگرێتەوە، ئەوەندەش لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە وەك بیرکردنەوەیەکی کۆنەپەرست خۆی نواندوە. لەم سەروبەندەدا محەمەد عەلی نەیدەویست مۆدێرنیزەکردنەکەی کار بکاتە سەر



ستراکتۆری سیستمی کۆمەڵایەتیو چەمکی چینایەتییە کۆنەپەرستییەکانیو لەم رووەوە هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی لەشکرێك لەکۆیلە رفێنراوو کڕدراوەکانی ئەفریقیا وەك هەوڵێکی قێزەونی پڕ شەرمەزاریی دور لەهەمو هەستێکی مرۆڤانە دێنە بەرچاو. مایەی تێڕامانە کەمحەمەد عەلی زۆر پشتگیریی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی کردو لێبڕاوانە کەوتە نەخشەدانان بۆ دورخستنەوەی جوتیاران، کەکۆڵەکەی سەرەکیی هێزی خزمەتکاری ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵن، لەکاریگەرییەکانی پرۆسەی چاکسازیو مۆدێرنیزەکردن.

ئەزمونی حوکمڕانیی محەمەد عەلی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاماژە بۆ لێك جیاکردنەوەی دەوڵەتو کۆمەڵ دەکا، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کەمحەمەد عەلی بەو چاوە تەماشای دەوڵەتو کۆمەڵی نەکردوە کەتەواوکەری یەکترن، بەڵکو نۆڕینێکی کۆنی کلاسیکی لەم بارەیەوە هەبوەو پێی وابوە پەیوەندیی ناحەزانەی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵ پەیوەندییەکی هەمیشەییەو بەهیچ شێوەیەك گۆڕانی بەسەردا

نایە. بۆیە، لەکاتێکدا ئەوەندەی تینو تەوژمی بۆ مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەتو تۆکمەکردنی تواناکانیو سەقامگیرکردنی سامو شەوکەتی خستە گەڕ، ئەوەندەش ویستی ژیانی کۆمەڵایەتی لەکاریگەریی مۆدێرنیزە دور بخاتەوە.

هاندەری محەمەد عەلی بۆ مۆدێرنیزە، خۆشەویستی نیشتمان نیە، ئەمەش لەبەر یەك هۆ، ئەویش ئەوەیە کەمحەمەد عەلی کابرایەکی بێ نیشتمان بووەو رەفتاری شتێکی وای لێ هەڵناکرێندرێ کەئەوەی کردویەتی بۆ میسرو میسرییەکان بووە.

ئەگەر پەردە لەڕوی هەڵوێستی بەرامبەر بەجوتیارانو پرسی فێرکردنیان هەڵماڵین، وێنایەکی رۆشنترمان دەربارەی میتۆدی بیرکردنەوەیمان چنگ دەکەوێ. محەمەد عەلی بەچاوێکی سوکەوە سەیری جوتیارانی دەکردو وا تێگەیشتبو کەئەرکیان لەژیاندا دابین کردنی خۆراکە بۆ دەوڵەمەندەکانو بایەخیشیان لەوە دایە کەسەرچاوەیەکی هەرزانی هێزی کار پێك دێنن[١٨]. ئەمە وا دەگەیەنێ کەچەمکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان



بەلای محەمەد عەلییەوە بەو مانایە دێ کەچینێك بۆی هەیە سود لەڕەنجی چینێکی تر وەرگرێو چینی باڵا (دەوڵەمەند- دەسەڵاتدار) ئەو مافەی هەیە کەچینی خوارەوە (هەژار- بندەست) بۆ دابین کردنی پێداویستییە تایبەتەکانی خۆی بەکار بێنێ.

لێرەدا چەمکی هاووڵاتیبون کەپرنسیپی یەکسانی کۆڵەکە بنچینەییەکەی پێك دێنێ. دەرەوێتەوە. بەمجۆرە، دەردەکەوێ کە کرۆکی تێڕوانینەکە پشتیوانی کردنە لەهێشتنەوەی رەوشی کۆمەڵایەتی بەهەمو بەهاو پێشینە چینایەتییەکانییەوە بەبێ هیچ چەشنە گۆڕانێك.

بەم پێودانگە هەڵوێستی محەمەد عەلی بەرامبەر بەفێرکاری لەم چوارچێوە کۆنەپەرستییە ناترازێ. محەمەد عەلی سەرەڕای هەوڵی بێوچانی بۆ مۆدێرنیزەکردنی دەوڵەتو کردنەوەی خوێندنگەو ناردنی خوێندکار بۆ ئەوروپا بۆ فێربونی زانستی تازە، فێربونی بەمافێکی گشتیی گەل نەدەزانی. ئەو لەو گۆشە نیگا دیاریکراوەوە سەیری مەسەلەکەی دەکرد کەدەبێ فێرکاری

پێش هەمو شتێك لەبەرژەوەندیی دەوڵەتدا بێ. بەپێچەوانەی ئەمەوە، محەمەد عەلی هیچ بەرنامەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری نەبووەو پێی وابووە بەرژەوەندیی چینایەتیی ئەو رژێمەی کەدایمەزراندووە لەهێشتنەوەی زۆرینەیە بەنەخوێندەواریو هەژاری. لەنامەیەکدا کەبۆ ئیبراهیمی کوڕی ناردوە، دەردەکەوێ کەمحەمەد عەلی بەپێویستی نەزانیوە خوێندەواری لەناو هاوولاتییەکانیدا بڵاو بکرێتەوەو سەرنجی کوڕەکەی بۆ ئەوە راکێشاوە کەهەر چی بەسەر پاشاکانی ئەوروپادا هاتوە، هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەهەوڵیانداوە خوێندەواری لەناو ریزی هەژاراندا بڵاو بکەنەوە(١٩).

بەڵام سەرەڕای ئەم هەمو کەموکوڕییە، هێشتا لەڕوانگەی مێژووەوە بەو جۆرە تەماشای محەمەد عەلی دەکرێ کەنۆژەنکارێکی بێ هاوتاو بەتوانایە. بەدڵنیاییەوە، ئەو رێوشوێنەی کەئەو لەمۆدێرنێزەدا بەکاری هێنا، میسری بردە سەر رێگای پێشکەوتنو عەلمانیەت.



## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١ ـ الدكتور سليمان الغنام، سياسة محمد علي باشا التوسعية في الجزيرة العربية والسودان واليونان وسوريا (١٨١١-١٨٤٠) قراءة جديدة، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، ٢٠٠٤، ص٢٤.

٢ـ الدكتور احمد زكريا الشلق، محمد علي وعصره، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ١٧ (المقدمة بقلم الدكتور محمد صابر عرب).

٣ـ هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

٤ـ الدكتور سليمان الغنام، سياسة محمد علي باشا التوسعية، المصدر السابق، ص ٢٨.

٥ـ الامير شكيب ارسلان، تاريخ الدولة العثمانية، تحقيق حسن السماحي سويدان، دار ابن كثير ودار التربية، دمشق- بيروت، ٢٠٠١، ص ٢٦.

٦ــ الدكتور محمد علي الصويركي، معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها، مؤسسة زين لاحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠٠٥، ص ٦٦٤.

٧ـ لەم بارەیەوە بڕوانە:

محمد فريد بك، البهجة التوفيقية في تاريخ مؤسس العائلة الخديوية،تحرير ودراسة د. احمد زكريا الشلق، الطبعة الثانية، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ٣١.

٨ــ محمد فؤاد شكري، مصر في مطلع القرن التاسع عشر (١٨٠١-١٨١١)، الجزء الثاني، القاهرة، ١٩٥٨، ص ٨٥٦.

٩ـ عبدالكريم رافق، المشرق العربي في العهد العثماني، الطبعة الخامسة، منشورات جامعة دمشق، دمشق، ١٩٩٧، ص ٢٩٨.

١٠ـ الدكتور محمود علي عامر، تاريخ الامبراطورية العثمانية: دراسة تاريخية واجتماعية، دار الصفدي، دمشق، ٢٠٠٤، ص ٢١٠.

١١ـ الدكتور احمد زكريا الشلق، محمد علي وعصره، المصدر السابق، ص ١٤٢.



١٢ـ اميل خوري وعادل اسماعيل، السياسة الدولية في الشرق العربي من سنة ١٧٩٨ الى ١٩٥٨، الجزء الثاني من مؤتمر فيينا سنة ١٨١٥ الى معاهدة المضايق سنة ١٨٤١، دار النشر للسياسة والتاريخ، بيروت، ١٩٦٠، ص ٧٨.

١٣ـ الدكتور سليمان الغنام، سياسة محمد على باشا التوسعية في الجزيرة العربية والسودان واليونان وسوريا (١٨١١-١٨٤٠) قراءة جديدة، المصدر السابق، ص ١٠٣-١٠٥.

١٤ـ خالد فهمي، كل رجال الباشا: محمد علي وجيشه وبناء مصر الحديثة، ترجمة شريف يونس، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠١، ص ٣٢٤.

١٥ـ الدكتور احمد زكريا الشلق، محمد علي وعصره، المصدر السابق، ص ٥٢.

١٦ـ الدكتور سليمان الغنام، سياسة محمد علي باشا التوسعية في الجزيرة العربية والسودانء اليونان و سوريا (١٨١١-١٨٤٠) قراءة جديدة، المصدر السابق، ص ٣١.

١٧ـ زكريا فايد، العلمانية النشأة والاثر في الشرق والغرب، الزهراء للاعلام العربي، القاهرة، ١٩٨٨، ص١٠٤.

١٨ـ خالد فهمي، كل رجال الباشا: محمد علي وجيشه وبناء مصر الحديثة، المصدر السابق، ص ٣٧٠.

١٩ـ هەمان سەرچاوە، ل ٣٧١.

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ساڵی
## (٢٠١٠)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح بروارى | ٢٠١٠ |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| 329 | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆ | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | داڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | | |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندی | ٢٠١٠ |
| 334 | العداله بين الفلسفه والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | الدولية | | |
| 342 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ئیسماعیل بێشکچی و. رەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |